# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٧ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل لیزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، ئەکادیمیای کوردی دەری دەکات، بایەخ بە توێژینەوەی ڕەسەن و پێشکەوتوو لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا ، فۆلکلۆر، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، زانستی کردەکی، توێژینەوەی بەراوردکارانە، نێوان بوارە زانستییەکان، فەرهەنگناسیی کوردی، کولتووری کوردی بەگشتی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ڕەسەنەوە، بایەخێکی زۆر بە کێشەی زاراوەسازی لە هەموو ئەو بوارانەدا دەدا. ئەم گۆڤارە توێژینەوە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، درێژەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردییە کە پێشتر لە سەردەمی کۆڕی زانیاری کوردیدا دەردەچوو، چەندان نووسەر و توێژەری پێشکەوتووی کورد کاریان تێدا دەکرد و بەرهەمی ڕەسەنیان تێدا بڵاودەکردەوە.

ئەمڕۆش، ئەم گۆڤارە، بە هەمان ڕوانینی ڕەسەن و وردەکارانەوە، لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئاستی توێژینەوەی زانستی لەو بوارانەدا، درێژە بە خزمەتی خۆی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، خواست و هیوای زۆری هەیە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا، گەشە بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی توێژینەوەی کوردی بدات، بە تایبەتی لە ڕووی نوانەسازی و ئاماژەپێوی ئاستێکی ئەکادیمیی جیهانی بەدەست بهێنێت. ئامانجی ئەم گۆڤارە، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی ڕەسەن و پێشکەوتووە، ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاو بووەتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە و بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

# مجلة الاكاديمية الكوردية

العدد ٦٧ – ٢٠٢٦
مجلة علمية فصلية

(رئيس الاكاديمية الكوردية و صاحب الامتياز)
**حەمەسەعید حەسەن**

رئيس التحرير
**أ. د. محسن احمد عمر**

مدير التحرير
**د. بخشان فهمي فرحو**

هيئة التحرير
أز د. قيس كاكل توفيق
أ. د. بختيار سجادى
أ. د. فرهاد قادر كريم
أ. م. د. احمد محمد مام عثمان
أ. م. د. عبدالواحد ادريس شريف
أ. م. د. نوزاد احمد اسود
د. لزكين عبدالواحد احمد

هيئة المستشارين
أ. د. ميشيل ليزنبيرک
أ. د. مارتن فان برونسن
أ. د جليل جليلى
أ. د. سالح اكين
أ. د. جعفر الشيخ لاسلامى
أ. د. عبدالرحمن اداک
أ. د. هاشم احمدزادة

اربيل/ شارع هەڵەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

## مجلة الأكاديمية الكوردية

هذه مجلة علمية موسمية تصدر عن الأكاديمية الكوردية. تسلط الضوء على الأبحاث الأصيلة والمتقدمة في مجالات اللغة والأدب والتاريخ والجغرافيا والفلكلور وعلم الاجتماع والفلسفة والعلوم التطبيقية، بالإضافة إلى الدراسات المقارنة والمتعددة التخصصات. تولي مجلة الأكاديمية الكوردية أهمية كبيرة لمسألة المصطلحات في جميع هذه المجالات، لا سيما من خلال نشر الأبحاث الأصيلة. تنشر المجلة بحوثا بالكوردية والعربية والإنجليزية. وهي امتداد لمجلة المجمع العلمى الكوردي، التي كانت تصدر سابقا في إطار هذا المجمع. وقد ساهم فيها العديد من المؤلفين والباحثين الكورد المعروفين ونشروا أعمالا أصيلة.

تواصل هذة المجلة المهمة نفسها من خلال إثراء وتحسين مستوى البحث العلمي في جميع المجالات. يهدف مجلة الأكاديمية الكوردية إلى رفع المستوى العلمي والأكاديمي للبحث الكوردي في المستقبل القريب وتحقيق شهرة دولية من حيث الفهرسة. ولذلك، فإن هدف المجلة هو نشر بحوث علمية مبتكرة ومتقدمة للغاية. نشرت العدد الأول من المجلة في سنة ٢٠٠٢. مجلة الأكاديمية الكوردية معتمدة من قبل وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في حكومة إقليم كوردستان ومعترف بها للترقيات العلمية.


❊ منسق شؤون المجلة: ئیمان نەجات ئاغۆک

❊ اخراج الفني: هەرێم عوسمان

❊ موقع مجلة الأكاديمية الكوردية:

Web: journal.ka.gov.krd



❊ البريد الكتروني: journal@ka.gov.krd

❊ موبايل: 009647508375575

وەرگرتن: ٢٠٢٦/٣/١٧
پەسەندکردن ٢٠٢٦/٥/٤

# ترۆمای کولتووری و جێکەوتەکانی لە شیعری "عەبدوڵڵا پەشێو"دا

شاهۆ جەنگی نوری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەنتەری
توێژینەوەی زانستی- زانکۆی سەلاحەددین
Shaho.Noori@su.edu.krd

پ.د. سەنگەر قادر شێخ محمد
بەشی کوردی کۆلێژی زمانی
زانکۆی سەلاحەددین
Sangar.shekhmohammead@su.edu.krd

پوختە:
ترۆمای کولتووری یەکێک لە جۆرە هەرە دیارەکانی ترۆمایە و کاریگەریی بەسەر زۆرینەی پرسەکانی کۆمەڵگە و بوارە جیاوازەکانییەوە هەیە. لەم نێوەندەشدا بواری ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی لەو کاریگەرییە بەدەر نەبووە. قەیرانی ناسنامە و شەڕی براکوژی لە هەڵکەوتەی دیرۆکی نەتەوەیی کورددا، کە دوو هۆکاری دیارن بۆ دروستبوونی ترۆما، لە ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگە و لای "پەشێو"یش وەک شاعیرێکی گەواهیدەر و نوێنەری دەنگی کۆمەڵگە، ڕەنگیانداوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بنکۆڵکاری لەمەڕ لێکەوتەی قەیرانی ناسنامە و شەڕی براکوژی لە دەقەکانی "پەشێو"دا بکات، بە پشتبەستن بە ڕەخنەی تیۆری ترۆما و بۆچوونەکانی "کاسی کاروس" وەک تیۆریستێکی بواری "تیۆرەکانی ترۆما". لە شیعرەکاندا دیاردەی "ئاڕاستەی ترۆمای کۆمەڵایەتی، گەڕانەوە و فلاشباک، خەون و بانگکردنی ئاکاری، گێڕانەوە و هاوبەشیکردنی چیرۆکی خەمناک، شکستی زمان" بە ئاشکرا بەدی دەکرێن، ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە شیعرەکانی "پەشێو" بەرهەمی ڕاستەوخۆی ترۆمای کولتووری نەتەوەی کوردن و شاعیر توانیویەتی ببێتە دەنگ و نوێنەری ئازارە دەروونییەکانی نەتەوە و کۆمەڵگە.

کلیلە وشەکان: ترۆمای کولتووری، گەڕانەوە، بانگکردنی ئاکاری، هاوبەشیکردنی ئازار، شکستی زمان.

پێشەکی:

ئەدەب و دەروونناسی دوو بواری سەر بە زانستی مرۆیین و پێوەندی و کاریگەریان بەسەریەکەوە هەیە. ترۆماش وەک تەنگەژەیەکی مرۆیی هەڵکەوتەی بواری دەروونییە، بەڵام باندۆری خۆی گواستووەتەوە و بووەتە بەشێک لە مژاری ئەدەب و سەکۆیەک بۆ گەیاندنی ئازار و دەرەتانە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان. لەم گۆشەنیگایەوە ترۆمای کولتووری وەک تێگەیەکی نێوان بواری دەروونی و ئەدەبی و کۆمەڵناسی بە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ بەرهەمهێنانی بەشێک لەو دەقە شیعرییانە دادەنرێت کە لە ئەنجامی تەنگەژە و قەومانی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیرۆکییەکاندا دروست دەبن. "کاسی کاروس" وەک تیۆرستێکی هاوچەرخی ڕەخنەی تیۆری ترۆما لە کتێبی "ئەزموونێکی نەویستراو"Unclaimed Experience"دا، پوختەی دیدگاکانی لەبارەی لێکەوتەکانی ترۆما لەسەر شاعیر و بنیاتی دەق دەخاتەڕوو، ئەمەش لە ڕێی ئامراز و توخمی "ئاراستەی ترۆما، گەڕانەوە و فلاشباک، خەون و بانگکردنی ئاکاری، گێڕانەوە و هاوبەشیکردنی چیرۆک، شکستی زمان"ەوە.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ترۆمای کولتووری و جێکەوتەکانی لە شیعری "عەبدوڵلا پەشێودا"، هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی چۆنیەتی مەزراندنی لێکەوتەکانی هەردوو هۆی بەرهەمهێنانی ترۆمای کولتووری وەک "قەیرانی ناسنامە و شەڕی براکوژی" لە دوو تویێ دەقەکانی پەشێودا. باندۆرەکانی ترۆمای کولتووری بەسەر پەشێوەوە، بووەتە هۆکار بۆ کردەی گەواهیدان و نوێنەرایەتیکردنی دەنگی کپکراوی کۆمەڵگەی کوردی. بە گەڕانەوە بۆ کارەکانی پێشوو لە بواری توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا، کارێکی ئەکادیمی ئەوتۆ بەتایبەت لەبارەی ترۆمای کولتووری وەک چەمکێکی ئەدەبی نەکەوتووەتە بەردیدەمان، هەرچەندە هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە توێژینەوەی ئەدەبیدا لای لێکراوەتەوە، بەڵام چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دوو پرسە دوورە لە چوارچێوەی تیۆری و شیکاری توێژینەوەکەی ئێمە.

سنووری توێژینەوەکە: لە چوارچێوەی چەمکی "ترۆمای کولتووری و ژانری شیعر"دا خۆی دەبینێتەوە، بەتایبەتریش شیعرەکانی پەشێو لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩٥ لە هەردوو دیوانی "پشت لە نەوا و ڕوو لە کڕێوە" و "هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا"دا، هەروەها پشت بە "بە میتۆدی ڕەخنەی دەروونی" و بۆچوونەکانی کاروس بەستراوە بۆ شیکارکردنی دەقەکان.

گریمانەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ڕەنگدانەوەی ترۆمای کولتووری بەسەر دەقەکانی پەشێودا لە چ ئاستێکدایە و شاعیر توانیویەتی ببێتە دەنگ و نوێنەری ئازارە دەروونییەکانی نەتەوەو کۆمەڵگە؟

ئامانجی توێژینەوەکە: دیاریکردنی ئەو چەمکانەیە کە تیۆریست "کاسی کاروس" لە بارەی ترۆما و لێکەوتەکانی لە دەقی ئەدەبیدا دەریخستووە و پشتیان پێبەستراوە و بوونەتە بنەما بۆ شیکاری ئەو دەقانەی "پەشێو" کە ڕووبەڕێکی زۆریان بەهۆی قەیرانی ناسنامە و شەڕی براکوژی لەخۆ گرتووە. لەکۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری ترۆما و بۆچوونەکانی "کاسی کارۆس:

### ١.١- چییەتی ترۆمای کولتووری:

ترۆمای کولتووری لە ترۆمای کۆمەڵایەتی و ترۆمای نەوەیی "نێوان نەوەکان" و تەنانەت

ترۆمای دەروونی- مێژووییش بەرفراوانترە، چونکە ڕاستەوخۆ لە نێو هەناوی کۆمەڵگە سەر دەردەکات و لێکەوتەی کۆمەڵێک پرسی کولتوورییە کە کۆی تاکەکانی کۆمەڵگە تیایدا هاوبەشی دەکەن. "ترۆمای کولتووری حاڵەتێکی دەروونی-کۆمەڵایەتییە کە ناسنامەکانی گەل "نیشتیمانی، مەزهەبی" تێکدەدات. هەروەها پرۆسەی دروستبوونی ئەم ترۆمایە لە ڕێی مشتومڕ و ناکۆکی نێوان تاکەکان و گروپەکانەوە ڕوودەدات، کاتێک هەرکەس هەوڵ دەدات واتای خۆی لە ڕووداوەکان دیاری بکات" (ودیمی ١٣٩٦: ١٤)، کەواتە ترۆمای کولتووری بەواتای ئەوە دێت کۆی کۆمەڵگە بەهۆیەوە بریندارببوبێت، ئەم بریندارببوونە دەروونیەش کاریگەری لەسەر ناسنامەی گشتی نەتەوە و گروپ و کۆمەڵ دادەنێت، بەمەش گەل ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبنەوە کە بڵێن "ئێمە کێین و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ئێمە چییە و کەوتووەتە ژێرباری چ هەڕەشەیەکەوە؟ بۆ نموونە ڕەنگە کورد بپرسێت: "ئایا بەڕاستی ئێمە مافی ژیانمان هەیە؟" یان: "ئایا ناسنامەی کوردایەتیمان مەترسیدارە و مەترسیی لەسەرە؟" یان: "ئایا ئێمە لەم خاکەدا خاوەنین یاخود نا؟" ئەم جۆرە پرسیارانە لەکاتێکدا گەلاڵە دەبن کە بنەڕەتەکانی کولتوور و پرەنسیپە کۆمەڵایەتییەکان لە جێی خۆیان دا نەماون و دووچاری گۆڕان بوونەتەوە.

پرسی ناسنامە بەهۆی ڕووداوەکانەوە نایەتە ئاراوە، بەڵکو ئەوە لێکەوتەی شەنگستە کولتوورییەکانن و وادەکەن وێنەی ناسنامەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. لەم بارەیەوە "جێفری ئەلێکساندەر" دەنووسێت "ترۆمای کلتووری بەرەنجامی ئەو بارودۆخەیە، کە کۆمەڵگە هەست دەکەن بەرکەوتەی ڕووداوێکی ترسناک بوونە کە نیشانەکانی لەسەر هۆشیاری گشتی بەجێ دەمێنێت و یادەوەرییەکان و ناسنامەی داهاتوویان بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕێت." (Davis 2020: 45) ئەم گۆڕانکارییە ڕاستەوخۆ پێناس و ناسنامەی کۆمەڵ دەکاتە ئامانج، بۆیە ئەم ترۆمایە پتر کار لەسەر شێواندنی وێنەی بیروباوەڕ و شانازییەکانی کۆمەڵگە دەکات، کە دواجار بەهۆی ئەم باوەڕ و جیهانبینییەوە جیاواز لە ناسنامەی نەتەوە و کۆمەڵگەی دیکە دەبینرێت. لێرەشدا سەنگ و پێگەی کولتوور بەدیار دەکەوێت بەتایبەت کە "ناسنامە لە کولتوورەوە سەرچاوە دەگرێت و ترۆما تەنیا کاتێک ڕوودەدات کە کۆمەڵگا ناتوانێت واتای نوێ بۆ ڕووداوێک بدۆزێتەوە. ترۆما خودی ڕووداوەکە نییە، بەڵکو ئەو شۆک و ترسەیە کە لە نەتوانینی واتابەخشین بە ڕووداوەکان سەرچاوە دەگرێت. (Alexander2004: 4)

لەهەمبەر تیشک خستنەسەر پرسی ناسنامە و پێوەندی بە بنیاتی کولتوورییەوە، "ئایەرمان" دەنووسێت "ترۆمای کولتووری ئەو کاتە ڕوودەدات کە کۆمەڵگەیەک ناسنامەی خۆی بە تەواوی لە دەست بدات. هەروەها کۆمەڵگە خۆی ئەو بڕیارە دەدات کە ڕووداوەکە "ترۆماتیک"بووە یاخود نا، ئەمەش پرۆسەیەکی درێژخایەنە و کاتی تەواوی پێویستە تاکو کاریگەری لەسەر شێواندنی ناسنامە بەدیار دەکەوێت." (Pedović 2019: 29)، بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕووداوانەی کە زەبرەکە بەرهەمدەهێنن بوار نادەن بە سانایی لە یادەوەری کۆمەڵگاکە تێپەڕێت، بەڵکو کۆنەست و بیرکردنەوەی کۆمەڵگە بەخۆیانەوە دەتەنن.

ترۆمای کولتووری خاوەن ڕەهەندێکی توندوتیژانەی بێوێنەیە، ئەم هێز و کاریگەریەشی پەیوەندی بەو کۆت و بەند و سیستەمە هەیە کە

کۆمەڵێک یاخود لایەنێک بەرانبەر بە کۆمەڵ و لایەنێکی دیکە جێبەجێ دەکەن، وەک "دیبۆرا م. هۆرڤیتز" کاتێک ترۆمای کولتوری دەناسێنێت، دەنووسێت "ترۆمای کولتووری سیستەمێکی فەرمی چەوسێنەرە کە گرووپێکی دیاریکراو بە ئامانج دەگرێت، بەتایبەت وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر دەسەڵاتی کلتووری باڵادەستی خۆیان دەبینن". (Monir 2019: 721-722) بۆیە هەژموونی کولتووری سروشتی ململانێکانی فراوانکردووە و زەمینەساز بووە بۆ ئەوەی لایەنێک کولتووری خۆی بەسەر لایەنێکی دیکەدا بسەپێنێت. ترۆمای کولتووری بەرهەم و لێکەوتەی ئەو پرسە کولتوورییانەن کە هەردەم هەڕەشەیان لەسەرە، ئەمەش وای کردووە، خودی ئەم جۆرە ترۆمایە جیاواز خۆی بنوێنێت، بۆیە دەبینین " ئەم ترۆما کولتوورییە چەمکێکی فراوانە و نەک هەر وێرانکاریی فیزیکی، بەڵکو هێرشێکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆیە بەسەر پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کولتووردا کە بریتین لە:پراکتیزەی جەستە-شوێن، ئایین، مێژوو، زمان. هەروەها هێرشەکان دەتوانن کار لەسەر قەدەغەکردن و گۆڕینی شێوەی زمان و چیرۆک و ڕاستینەی مێژوو و شیرازەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و تێکدانی پەیوەندییە خێزانییەکان و بێ بەهاکردنی پرسەکانی شەرەف و لاوازکردنی دەسەڵاتی نەریتی و زاڵکردنی دەسەڵاتی دەرەکی بکەن"، (Stamm 2003: 96) کەواتە هەر هەوڵێک بۆ قەدەغەکردنی زمانی دایک و داخستنی شوێنە پیرۆزەکان و دەستگیرکردنی ڕێبەرە ڕۆحانی و ئایینییەکان و شێواندنی شوێنە کولتوورییەکان لەلایەک؛ لەلایەکی دیکەوە هەر گۆڕانکارییەکی بێ بەرنامە لە گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و هەوڵدان بۆ نووسینەوەی مێژوویەکی ناڕاستەقینە و پەخشکردنی بەرهەمی میدیای دەرەکی کە دوور بێت لە ئادابی گشتی کۆمەڵگە، ئامراز و کەرەسەی گرنگن بۆ لە دایکبوونی ترۆمای کولتووری.

لەبەر ڕۆشنایی دیدگاکانی کاروس و پسپۆرانی ئەم بوارەدا، دەکرێت ترۆمای کولتووری لەم ڕەهەندە سەرەکییانەدا چڕبکەینەوە:

– ڕەهەندی مێژوویی (ڕووداو): پتر ڕووداوەکانی وەک "جەنگ، کۆمەڵکوژی، جینۆساید، ڕەگەزپەرستی و داگیرکاری خاک و ڕووداوە سروشتییەکان" بەرهەمهێنەری دیاردەی کولتوورین.

– ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: بیرەوەری و یادگەی گشتی کۆمەڵ تژی دەکەن لەم ڕووداو و ئەزموونە تاڵانەی کە لە پێشوودا چەشتوویانە، واتە ئەم ترۆمایە درێژخایەنە و کاتی زۆر دەخوازێت و ڕەنگە هەتا کۆتایی چارەسەر نەکرێت.

– ڕەهەندی دەروونی: گەڵێک جار نەخۆشی PTSD و خەمۆکی و دڵەڕاوکێ بەرهەمدەهێنێت.

– ڕەهەندی ناسنامە: ئەم ترۆمایە، ڕاستەوخۆ کارتێکردنی لەگەڵ پرسی ناسنامەی کولتووری هەیە؛ واتا هەر گۆڕانکارییەک لە پایەکانی کولتوور واتا گۆڕانکاری لە ناسنامەی کۆمەڵ و گرووپەکان.

– ڕەهەندی گوتاری: گوتاری ترۆمای کولتووری جیاوازە لەگەڵ ترۆماکانی دیکە، چونکە بە شێوەی کۆمەڵ کاردەکات و بە کۆمەڵیش یاد دەکرێتەوە و کۆدەنگی گشتی نەتەوە و گەلی لەسەرە. هاوکات ئەم ترۆمایە بە پێچەوانەی ترۆماکانی دیکە لە خودی ڕووداوەکان دروست نابێت وەک "نیل ئیسلمسەر" دەڵێت: "ترۆمای کولتووری دروست دەکرێت و خۆی دروست نابێت" (ودیمی ١٣٩٦: ١٤) واتە ئەوە گەل و نەتەوە و کۆمەڵ و گرووپەکانن بە هاوبەشی لەگەڵ لایەنی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ناسنامە بە ڕووداوەکان دەدەن و یاد و مەراسیم و بۆنەی بۆ

ساز دەکەن و لە ڕێی هونەری گۆرانی و چیرۆک و شیعرەوە دەمەزرێنرێن و پێشکەش دەکرێن. وەک یادەکانی ئەنفال و کیمیاباران لە کوردستان.

٢.١- ڕوانگەی تیۆری "کاسی کاروس":

"کاسی کاروس" وەک تیۆریستێکی هاوچەرخ لە بواری بەراوردی ئەدەبی و پێوەندی ئەدەب بە ترۆماوە کاری کردووە و "بەیەکێک لە دامەزرێنەرانی بنەماکانی توێژینەوەی ترۆما لە بواری ئەدەبی دادەنرێت" (Luckhurst 2008: 214)، هاوکات ڕوانین و سەرنجی خۆی لەمەڕ ئەزموونی ترۆما و لێکەوتەکانی لە پەرتووکی "ئەزموونێکی نەویستراو" دا خستووەتە ڕوو. کاروس بەشێک لە بۆچوونە تیۆرییەکانی لە بەر ڕۆشنایی "سیگمۆند فرۆید"دا داڕشتووە و "پەرەی بە بیرۆکەکانی فرۆید داوە و دەوڵەمەندی کردووە بە لاکردنەوە و زیادکردنی لایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی"، (Lacapra 2001: 89) بۆیە کاروس کاتێک دێتە سەر باسی ترۆما، بۆچوونێکی جیاواز دەردەبڕێت و دەڵێت: "ترۆما وەک پارادۆکسێکی پێکهاتەیی پێناسە دەکرێت، بەو واتایەی ئەزموونێکە لە کاتی ڕوودانیدا بە تەواوی ناتوانرێت هاوسەنگ بکرێت و لە یادەوەری و هۆشیاری کەسی تووشبوودا پرۆسە بکرێت "، (Caruth 1996: 4) ئەم پێناسەیە ترۆما بە شێوەیەکی پارادۆکس دەبینێت، چونکە ئەو ئەزموونە وەک شۆکێکی گەورە بەردەوام دەبێت و ناتوانرێت هاوسەنگی لەنێوان ئانوساتی ڕووداوەکە و کاریگەرییەکەیدا بکرێت.

١.٢.١- ئاڕاستەی ترۆما لە تاکەکەسیەوە بۆ کۆمەڵایەتی:

کاروس گۆڕانکاری بەسەر تێگەیشتنی ترۆمای تاکەکەسیدا دەهێنێت و دەیگەیەنێتە ئاستی کۆمەڵایەتی"ئەم گواستنەوەیەی کە کاروس لە تاکەکەسیەوە بۆ کۆمەڵایەتی کردی وەک گەشەپێدانێکی گرنگ و بنیاتخواز لە تیۆری ترۆما سەیر دەکرا"، (Balaev 2012: 5)، چونکە بووە هۆی بەرفراوانی دیرۆکی کۆمەڵ، بۆ نموونە کاتێک دەڵێت "بۆ تێگەیشتن لە مێژووی کۆمەڵگەکان ئەوە دەبێ تیۆری ترۆمای کەسی بەرفراوان بکەین و بیبەینە ئاستی گشتی. وەک فرۆید مێژووی جوولەکەکان و بە گشتی هەموو مێژووی مرۆڤایەتی وەک'مێژووی ترۆما ناساندووە"، (Caruth 1996: 17) ئەمەش بە واتای ئەوە دێت ڕووداوە ترۆماتیکییەکانی سەر بە مێژووی گەلێک نوێنەرایەتی ترۆمایەکی کۆمەڵایەتی دەکەن، چونکە هەر ئازارێک بۆ تاک بووەتە ئازاری گشتی، کاروس قووڵتر دەبێتەوە و دەڵێت: "خودی مێژووش بە هەمان شێوە کار دەکات، کاتێک ڕووداوە گەورەکانی مێژوو لەبیرناچنەوە، هەرچەندە هەوڵدەدەن لەبیربچنەوە، بۆیە بۆ ماوەیەک دەچنە ناو ماوەیەکی شاراوەوە. دواتر ئەم ڕووداوە شاراوەیە بە شێوەیەکی بەهێز دەگەڕێتەوە لە شێوەی نەریتە ئایینییەکان، ناسنامەی تایبەتی گەل و...هتد"، (Caruth 1996: 17-18) بەم شێوەیە مێژووی نەتەوە ڕووی هەرە سەرەکی پێناسەی ترۆمایە و هاوکات تێکچڕژانی مێژوو و ترۆما بە ڕادەیەکە ناسینەوەی هەریەکێکیان بەبێ لاکردنەوە لەوی دیکە ساز نابێت . کەواتە "ترۆمای کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەوکاتە ڕوودەدەن و کاریگەری دەردەکەوێت کە ئەندامانی کۆمەڵگە هەست بە خاوەندارێتی ڕووداوێکی ترسناک بکەن کە شوێنێکی لە هۆشیاریی کۆمەڵدا داگیرکردووە"، (Alexander 2004: 1) بەم چەشنە ترۆما لە ئاریشەیەکی تاکەکەسیەوە بەرەو بەڵکو ئاریشە و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوور هەنگاو دەنێت.

٢.٢.١- درەنگبوون و گەڕانەوەی تڕۆما:

یەکێک لە چەمکە گرنگەکانی کاروس "درەنگبوون و دووبارەبوونەوە"یە، " "پیدەرسن" لەم بۆچوونەی کاروس ورد دەبێتەوە دەڵێت: "تڕۆما دیاردەیەکە هۆشیاری بەرەو لاوازی و تێکشکان دەبات، چونکە ڕووداوی تڕۆماتیک نەک تەنیا درەنگ سەر دەردەکات، بەڵکو لە کاتی ڕوودانیدا بە شێوەی تەواو و دروست ئەزموون ناکرێت"، (Pedersen 2019:27) ئەمەش وا دەکات دواتر بە شێوەیەکی جیاواز و بەهێز بگەڕێتەوە کۆنترۆڵ نەکرێت. کاروس ئەم چەمکەی بواری تڕۆماناسی ناولێناوە "دواکەوتوویی" (Nachträglichkeit) ئەو پێیوایە لە تڕۆمادا بەواتای ئەوە دێت کە ڕووداوی ترسناک لە کاتی ڕوودانیدا بە تەواوی درکی پێ ناکرێت، بەڵکو دواتر دێتەوە سەر زمانمان، کەواتە ڕووداوە زەبراوییەکان تەنیا ئەو کاتانە درکیان پێ دەکەین کە بە شێوەیەکی نەویستراو لە ڕێی خەون و فلاشباک و یادەوەرییە لەناکاوەکاندا دووبارەی دەکەینەوە" (Caruth 1996: 4) ئەم زاراوەیە لە دەروونناسیی فرۆیدەوە سەرچاوەی گرتووە، بەواتای شتێک دواتر مانای ڕاستەقینەی دەردەکەوێت. کاروس پێیوایە خودی تڕۆما لە کردەی ڕووداوەکانەوە سەرهەڵنادات، بەڵکو لێکەوتەی تڕۆما لەوەدایە کە چۆن ئەو ڕووداوە بەردەوام بە شێوەیەکی نائاسایی دەگەڕێتەوە و ژیانی تووشبوو دەخاتەوە دۆخی تەنگەتاوی کەواتە "درەنگبوونی تڕۆما بە واتای ئەوە دێت کە تووشبووان لە دۆخی "گەڕانەوەی بەردەوام"دا دەژین و ئەمەش پێویستی بە دەرخستنی ڕۆڵی لایەنی ئەکادیمی و هونەرییەوە هەیە، نەک تەنیا چارەسەری دەروونی"، (Lacapra 2001: 46)چونکە ڕوانین بۆ ئەم گەڕانەوەیە وەک پرسێکی فرەڕەهەند و دەرەوەی چوارچێوە دەروونییەکان ڕێخۆشکەر دەبن بۆ دەرچوون و دەربازبوون لە ڕابردووە تڕۆماتیکییەکان.

٣.٢.١- خەون و بانگکردن:

کاروس لە شیکردنەوەی خەونێکدا کە فرۆید تۆماری کردووە دەڵێت: "باوکێک کە منداڵەکەی مردووە، لەتەنیشت تەرمی منداڵەکەیەوە دانیشتووە، مۆمێک لەتەنیشت تەرمەکە داگیرساوە؛ باوکەکە ماندووە و خەوی لێدەکەوێ، لە خەونەکەیدا منداڵە مردووەکە دێتە لای باوکەکە و دەڵێت: باوکە، نابینیت من دەسووتێم؟ باوکەکە لە خەوەکەی بەئاگا دێت و دەبینێت مۆمەکە کەوتووەتە سەر تەرمەکە و تەرمی منداڵەکەی سووتاندووە" (Caruth 1996: 92). فرۆید خوێندنەوەی خۆی وەک "جێبەجێکردنی ویست"لێکداوەتەوە و دەڵێت: "لە خەونەکەدا، منداڵەکە قسە دەکات، ئەمە واتە منداڵەکە هێشتا زیندووە، باوکەکە دەیەوێت منداڵەکەی زیندوو بێت" (Caruth 1996: 92) بەڵام "لاکان و کاروس" قووڵتر دەبنەوە و "سەرنج دەگوازنەوە بۆ خودی بەئاگاهاتنەکە، بەئاگاهاتنەوەی باوکەکە پەیوەست نییە بە ئاگرە دەرەکییەکەوە، بەڵکو لەلایەن ئاخاوتنی منداڵەکەوە لە خەونەکەدا دێت (Caruth 1996: 100-101) ئەم خوێندنەوەیەی کاروس لە خەونەکەوە وەک نموونەیەکی بنیاتی و بنەڕەت دادەنرێت و بەهۆیەوە نیشانی دەدات کە چۆن ئەدەبیات دەبێتە ئامرازی گەواهیدان بۆ ئەو تڕۆمایانەی کە زمانی ئاسایی ناتوانێت بیانگێڕێتەوە"، (Whitehead 2004: 6) بەم چەشنە ئاخاوتنی منداڵەکە توخمەکانی تڕۆما لە خۆدەگرێت و "تڕۆما دەگوازێتەوە لە گێژاوی خەووەوە بۆ قەیرانی بەئاگاهاتن. هاوکات ئەرکێکی ئەخلاقی لە بانگەکەدایە وەک دەڵێت باوکە، نابینیت؟ ئەو تڕۆمایە پێویستی و مەحاڵیەتی وەڵامدانەوە

بۆ مردنی یەکێکی دیکەیە" (Caruth 1996: 105) لەمیانی ئەم بانگکردنەدا "ئەرکی گەواهیدان لە بەرانبەر ترۆما پێویستی بە "گوێگرتنی ئەخلاقی" هەیە، بەتایبەت لە بارەی نەوتراوەکانی مردووەکان و بێدەنگکردنی ناچاری مرۆڤەکان"، (Kaplan 2005: 122)

لێرەدا ترۆما ئەوەندەی ڕەفتارکردن و کردەوە و ناچارییە بۆ بەئاگاهاتنەوە و وەڵامدانەوە، ئەوەندە بیرکردن و هەستکردن نییە. بانگ و دەنگکردن ئەستەمی گێڕانەوە و تەنانەت ئەستەمی وەڵامدانەوەش پیشان دەدەن "بێگومان وەڵامدانەوە لە دیدی کاروس ئەرکە، تەنانەت کاتێک ناتوانین بە تەواوی وەڵامیش بدەینەوە، ئەمە خودی سروشتی بەرپرسیاریەتی ئەخلاقییە"(Caruth 1996: 105) لەم سۆنگەیەوە کاروس ئەو ڕەهەندەی ترۆما دەردەخات کە فرۆید لای لێ نەکردووەتەوە، چونکە کاروس پێی وایە ترۆما تەنیا دۆخێکی دەروونی نییە، بەڵکو بانگێکی ئەخلاقییە، وەک لە پرسی "کاتێک بەئاگا هاتەوە" دا پابەندی چییە؟" دەکات، ئەمەش ترۆما لە ڕەهەندی دەروونناسییەوە بۆ ڕەهەندی ئەخلاقی و بەرپرسیاریەتی دەگوازێتەوە.

٤.٢.١- گێڕانەوە و هاوبەشیکردنی ئازار:

پرسی گێڕانەوە و هاوبەشیکردنی ئازاری ترۆما ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کەمکردنەوەی کاریگەری ترۆما، چونکە "ئەو پەیوەندیانەی لە نێوان نیشانە دەروونی و جەستەییەکاندا هەن، هەروەها لە نێوان خودی نەخۆشەکان، یان نێوان نەخۆش و پزیشکدا، یانیش لە نێوان کەسی برینداربوو و ئەو کەسانەی گوێی لێ دەگرن... هتد، هەموو ئەم پەیوەندیانە وا دەکەن کە گێڕانەوەی بەسەرهات "چیرۆکی ئازارەکە" نەبێت بە کارێکی تاکەکەسی، بەڵکو ببێت بە پرۆسەیەکی هاوبەش کە چەند کەسێک پێکەوە دروستی دەکەن." (Luckhurst 2008:3)بۆیە گێڕانەوەی چیرۆکەخەمئامێزەکان و هەوڵی پێوەندیی و بەستنی ڕایەڵەیان لەگەڵ جیهانی دەوروبەر بەهۆی کردەی گێڕانەوە کۆژانی هاوبەش دەئافرێنن، وەک کاروس دەڵێت: "ترۆما بە تەنیا ناژیت، بەڵکو ترۆما وامان لێدەکات پێویستمان بە کەسانی دیکە هەبێت بەئامانجی گێڕانەوەی بیرۆکە تراژیدییەکان تاکو لێیانەوە تێبگەین" (Caruth 1996: 26) چونکە کەسانی ترۆماتیزەکراو پێویستیان بە کەسانی دیکەیە و ترۆما ناتوانێت بە تەنیا ڕووبەڕووی ببێتەوە. ئەو هێشتا قووڵتر دەبێتەوە و لەبارەی پەیوەندی نێوان ژن و پیاوێکی ژاپۆنی کە ئەکتەری فیلمێکن دەڵێت: "پەیوەندی نێوان ئەم دوو کەسە لەسەر هاوسۆزی دامەزراوە، بەڵام لە فیلمەکەدا، پیاوە ژاپۆنییەکە بەردەوام ئەم ڕستەیە دووبارەدەکاتەوە: 'تۆ هیچت لە هیرۆشیمادا نەبینیوە"(Caruth 1996: 27) کاروس ئەم ڕستەیە بە مانایەکی قووڵتر لێکدەداتەوە و دەڵێت: "ئەوە تۆمەتبارکردنە، نەک نکۆڵیکردن، چونکە بینین و تێگەیشتن بەناچاری شتەکان ساناتر دەکەنەوە، بۆیە کاتێک هەوڵ دەدەین لە شتێک تێبگەین، ئێمە دەیخەینە ناو چوارچێوەی ئەو شتانەی پێشتر دەیانزانین، بۆیە ئێمە ڕووداوە ترۆماتیکییەکان دەخەینە ناو گێڕانەوەیەکی ئاشنا و بۆ ئاسانکاری ڕووداوە ئاڵۆزەکان و بە چیرۆکی سادە دەگۆڕین" (Caruth 1996: 27) گرفتی تێگەیشتنی ڕاستەقینە و وێناکردنی ڕووداوەکە وەکو خۆی کە هەیە ناکرێت، کەواتە "گێڕانەوەی ترۆما پێویستی بە "شێوازی ئەدەبی" هەیە بۆ تانوپۆکردنی لە دوو توێی دەقەکانەوە، وێڕای ئەوەی هەرچەند گێڕانەوەی ڕووداوەکە سادە وسانا بکرێت ئەوا بیەنێکی ترۆماکە بەهۆیەوە لەناو دەچێت. (Whitehead 2004: 6)

٥.٢.١- ترۆما و شکستی زمان:

کاروس پردی پەیوەندی لە نێوان تیۆری ئەدەبی و ترۆما دادەمەزرێنێت، هاوکات لە پەراوێزی ئەم پێوەندییەدا باسی برین و شکستی زمان بەهۆی ترۆماوە دەکات، ئەو بە سوودوەرگرتن لە بیرۆکەکانی "پاول دە مان" دەڵێت: "بیرۆکەی سەرەکی "پاول دە مان" بریتییە لەوەی کە زمان بە شێوەیەکی راستەوخۆ و سادە ناتوانێت گوزارشت لەبارەی شتەکانی جیهانەوە بکات"، (Caruth 1996: 7) کاروس ئەم بیرۆکەیەی بەستووەتەوە بە ترۆما و دەڵێت: "ئەوەی دە مان لەبارەی "کەوتنی ئاماژە"وە دەیڵێت: "شکستی زمان لە گەیاندنی راستیدا"، پێوەندیی بە "جەستەی راستەقینەی کەوتوو" وە هەیە، ئەم "کەوتنی ئاماژەیە هاوشێوەی رووداوە زەبراوییەکەیە، هەروەک ترۆما رووداوێکی پێشبینینەکراو و هێزبەخشە کە ئەزموونی هۆشیاری دەشکێنێت، هەروەها ئاماژەی "دە مانی" کاریگەرییەکی درەنگەوەبووە لەسەر خودی زمان، چونکە برینێک لە زمان هاوشێوەی برینێکە لە مێشک" (Caruth 1996: 7) هەروەها دروستبوونی ئازاری هاوبەش لەنێوان زمان و مێشکدا گوزارشتە لە پێوەندی و بنکەی هاوبەشی ئەدەبیات و ترۆما، چونکە "هەردووکیان لەسەر بنەمای "ناتوانستی زمان و هۆشیاری لە گەیاندنی ئەزموونی تەواو بنیاتنراون"(Buelens 2014: 2) کەواتە پێوەندی ئەدەب و ترۆما بەدەر لەوەی ئەدەبی بێت، پێوەندییەکی هاوتەریبی خاوەن یەک سەرچاوەی بنەڕەتین.

شکستی زمان لە گەیاندنی راستییەکاندا تەنیا تایبەتمەندییەکی زمانی ئەدەبی نییە، هەردووکیان لەسەر ناجێگیری و کەمی توانستی زمان و هۆشیاری لە گەیاندنی ئەزموونی تەواودا بیناکراون، بۆیە ئەدەبیاتی ترۆماتیک نەک وەک هەوڵێک بۆ گەیاندنی لێکەوتەکانی ترۆما سەیر دەکرێت، بەڵکو زۆربەی جار خۆی نیشانەی ئەو شکستەیە. لە لایەکی دیکەوە کاروس هەوڵ دەدات تیۆری ئەدەبی و ترۆما بخاتە سەر یەک هێڵ، لەکاتێکدا تیۆری ئەدەبی لێکۆڵینەوەیە لە ئەدەبیات و زمان و ترۆماش لێکۆڵینەوەیە لە برینداریی دەروونیی تووشبووان، کەواتە پەیوەندی هەردوو بوار لە شکستی زمان و قەتیسبوونی دەربڕینەکانەوە دەردەکەوێت، بۆیە تیۆری زمانی و ئەدەبی بەبێ ڕەچاوکردنی ڕووداوەکانی دەوروبەری ناتوانێت خوێندنەوەی خۆی بکات، تەنانەت وەرگرتنی هەر ئاراستەیەکی پێچەوانەی ئەم خوێندنەوەیە وادەکات گێڕانەوەیەکی دابڕاو لە ژیان و کۆمەڵگە دروست بێت، بۆیە دەبینین هەر برینێک لە زمان هەبێت، ئەوا یەکسان دەبێت بە برین لە مێشک، بەم شێوەیە زمان و ترۆماش لە دواکەوتنی کاریگەریدا هاوبەش و یەکسان دەبن.

بەشی دووەم: جێکەوتەی "قەیرانی ناسنامە و شەڕی براکوژی" لە بەر ڕۆشنایی ڕوانینەکانی "کاسی کاروس" لە شیعرەکانی "پەشێو"دا

١.٢- ڕەنگدانەوە و گۆڕینی ئاراستەی ترۆما لە تاکەکەسیەوە بۆ کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی پەشێودا:

پرسەکانی "قەیرانی ناسنامە و شەڕی براکوژی" دوو هۆکاری بەرهەمهێنان و دروستبوونی ترۆمان لە دیرۆکی کورداندا، ئەم دوو دەرەتانە بە شاقووڵی دیرۆکەوە هەڵکەوتەی تراژیدیای کوردن و بوونەتە پاڵنەر کە شاعیران لە دوو توێی دەقەکاندا لێکەوتەکانی ئەم دوو پرسە بمەزرێنن و گەواهی لەسەر رووداوە ترۆماتیکییەکانی دیرۆکی کورد

بدەن. پەشێو سەرمەشقانە لێکەوتەی ئەم دەرەتانە کولتوورییەی لە دەقەکانیدا مەزراندووە، بۆ نموونە لە دەقێک بەناوی"کێ کڕیارە"دا دەڵێت:

کێ کڕیارە؟
هەرچیم هەیە،
هەمووی تاڵانفرۆش دەکەم!
کێ کڕیارە؟
دەی، وەرنە پێش!
فەرموون: ئەمە کاڵانەی چاو،
بڕبڕەی پشت و کاسەسەر،
کڵاوی کەریم خانی زەند،
شیر و زەرێی سەلاحەددین،
مێژووی لینگەوقووچی بێبەر،
یەکە یەکە
بەندەکانی
پەیمانی مۆرفینی سیڤەر،
دەندەکانی نیاندەرتاڵی
پیرەئەشکەوتی شاندەر!

(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، پەشێو، ل٥٢)

پەشێو، ڕووی پرسیاری وەرچەخاندووە بۆ لایەنی بەرانبەر، کە مەبەست تیایدا نەیارانی کوردن، هاوکات کاکڵەی پرسیارەکەی خۆی لە خستنە سەر سەکۆی شەنگستەکانی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەبینێتەوە، وەک فرۆشتنی "کاڵان، کڵاوی کەریم خانی زەند، شیر و زەرێی سەلاحەددین، دەندەکانی نیاندەرتاڵی پیرەئەشکەوتی شاندەر" ئەمانە گشتیان لەهەڵدانەوەی دیرۆکدا نوێنەرایەتی ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووری کورد دەکەن و کۆمەڵ خۆیان بە خاوەنی دەزانێت، ئەم داوایەی شاعیر لە لێکەوتەی ترۆمای کولتوورییەوە سەرچاوەی گرتووە و بە تەنیا کاریگەری لە سەر تاک نەبووە، بەڵکو هەڵکەوتەی تەنگەژە کولتوورییەکانی لە ئاستی تاکەوە بەرەو کۆمەڵ وێناکردووە. دواتر لە بەردەوامی دەقەکەدا دەڵێت:

کی کڕیارە؟
هەرچیم هەیە،
هەمووی تاڵانفرۆش دەکەم:
سواڵەت و ئاتەشکەدە،
دیوانسەرای شاهەکانمان،
بە بنچینە و بنیادەوە؛
بەردنووس و نەخش و نیگار،
بە تەخت و تاجی مادەوە.
مەزاد... مەزاد...

(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، پەشێو، ل٥٣)

لەم کۆپلەیەدا قووڵتر دەبێتەوە و هێما کولتوورییەکانی وەک" سواڵەت، ئاتەشکەدە، نەخش و نیگاری کۆشک، دیرۆکی نەتەوەی ماد" تاڵانفرۆش دەکات، دەربازبوونی ئەمانە تەنیا وەک نیشانەی دیرۆکی سەیر ناکرێت، بەڵکو نیشانەی ناسنامەی کولتووری و ئایینی و سیاسی و هونەری گەلی کوردن، بەڵام بەهۆی بەسەرهاتنی ڕووداوی تراژیدیایی ترۆماتیکییەوە وێنە بنەڕەتیەکانیان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هاوتەریب ترۆما کولتوورییەکە شاعیری خستووەتە ژێر ڕکێفی بێدەسەڵاتی و ناچاری کردووە ئەم ناسنامەیە بە بێ بایەخ ببینێت، لە کۆپلەی کۆتایشدا دەڵێت:

هەرچیم هەیە، هەمووی مەزاد،
بە پارچەیەک پەڕۆی سادە،
کە هەڵبکرێ و بشنێتەوە
لەسەر بستێک زەوی ئازاد!
مەزاد... مەزاد...
هەرچیم هەیە، هەمووی مەزاد!

(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، پەشێو، ل٥٤)

لێردا جاڕی مەزاد و فرۆشتنی هەموو بنەڕەتە کولتوورییەکان تەنیا لەهەمبەر پارچە پەڕۆیەک دەدات، لێرەدا "پەڕۆ" سیمبولی ئاڵا و پێناسی نەتەوەییە، کەواتە درککردنی شاعیر بە نەبوونی کیانی سەربەخۆ، وەک دەرەنجامی تەنگەژەی ترۆمای ناسنامە خۆی ڕەپێش داوە، دەشێ ئەم کۆپلەیە قووڵترین بەشی دەقەکە بێت، چونکە دەرگای بەسەر هەڤرکی نێوان گریدراو بە ناسنامە و ئەردنیگارییەکی ئازاد کردووە، دەرەنجام ئەم هەڤرکییە ویستی ئازادی و کیانی سەربەخۆی بەسەر پێداگری ناسنامە زاڵ کردووە، هاوکات ویستی ئازادی بەواتای دۆزینەوە و ڕاستکردنەوەی لێکەوتەی دیرۆکی ترۆمای کولتووری دێت کە لە ئەنجامی دەرهاوێشتەی هەڵوەشاندنەوەی بنیاتە کولتوورییەکان سەری دەرکردبوو.

لە دەقێکی دیکەدا مەزارندنی پرسی "شەڕی براکوژی" و لێکەوتەکانی وەک فاکتەری بەرهەمهێنانی ترۆمای کولتووری بەشێک لە دەقەکانی شاعیری لەخۆ گرتووە، بۆ نموونە لە دەقێک بەناوی "لە پەراسووی شەهیدان" دەڵێت:

لە پەراسووی شەهیدانی
هەر سی ساڵەی براکوژی
جەنگەڵێکی چڕ و تژی
ڕاست کەنەوە لەبەردەمیان.
با ڕۆندک بێ خواردنەوەیان،
تۆزی خوێن بێ هەر سێ ژەمیان.
بە دووکەڵی ئاهی دایکان قانگیان بدەن،
چاوی سووریان پڕ چقڵ کەن.
لێ نەگەڕێن
کوردکوژەکان
بگەنە سەدەی داهاتوو،
نەوەک ئەویش ئاوەگڵ کەن!
(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، پەشێو، ل٤٥٣)

لە دەستپێکی شیعرەکەدا شاعیر بە دەربڕینی دێڕەکانی "هەر سی ساڵەی براکوژی جەنگەڵێکی چڕ و تژی ڕاست کەنەوە لەبەردەمیان. "کۆژانی نەتەوەیی و کولتووری کۆمەڵگە بەهۆی لێکەوتەی شەڕی براکوژییەوە دەخاتەڕوو و کە ئەم ژانە هەڵکەوتەی دەرەتان و ئازاری تەواوی کۆمەڵگەیە و شاعیر لەم نێوەندەدا نوێنەرایەتی پەرشکردنی لێکەوتەکانی کردووە و یادەوەری ئازاری خۆی تێکەڵ بە یادەوەری و ئازاری هاوبەشی گشت کردووە. دواتر شاعیر دەڵێت "با ڕۆندک بێ خواردنەوەیان، تۆزی خوێن بێ هەر سێ ژەمیان، بە دووکەڵی ئاهی دایکان قانگیان بدەن، چاوی سووریان پڕ چقڵ کەن." لەم دێڕانەدا "ڕۆندک و خوێن و دووکەڵ و چاوی سوور" ئامرازی ناسینەوەی کوردکوژەکانن و لەلایەکی دیکەوەش پارڤەکردنی نیگەرانییە دەرهەق بە دیرۆکی شاراوە، بۆیە پەیڤەکانی "ڕۆندک و خوێن و ئاهی دایکان" دەبنە ئامراز و سیمبوولی یادکردنەوە، تاکو ترۆماکە لەکۆنەستدا کاڵ نەبێتەوە. لەکۆتا دێڕیشدا شاعیر ترسی پاتبوونەوەی ڕووداوی ترۆماتیکی هاوشێوەی هەیە و دەڵێت "لێ نەگەڕێن کوردکوژەکان بگەنە سەدەی داهاتوو" ئەمەش وەک هەڵکەوتەی دیدی کاروسی دەرباز دەبێت، ئەو بانگەشەی دەکرد کە ترۆمای کولتووری هێزێکی بەردەوامە و دەشێ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە ئازارە کولتوورییە شەرەنگێزییەکان بکەنە پاژێک لە کولتوور و بگوازرێنەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

### ٢.٢- ڕەنگدانەوەی درەنگبوون و گەڕانەوەی ترۆما لە شیعرەکانی پەشێودا:

گەڕانەوەی یادەوەرییە ترۆماتیکییەکانی قەیرانی ناسنامە و شەڕی براکوژی، پاڵنەری سەرەکین بۆ

ئەفراندن و لەدایکبوونی دەقی شیعری، پەشێوی شاعیریش بەدەرنەبووە لە مەزراندنی ئەزموونی تایبەتی ژیانی و خۆی و ئەزموونی کۆمەڵگە بۆ ناو دەقە شیعرییەکانی، بۆ نموونە لە دەقێک بەناوی "نەورۆزی ١٩٧٩“ دا لێکەوتەکانی ناسنامە بەدیاردەخات، وەک دەڵێت:

ئەمساڵ بێ چیا نەورۆز ناکەم.
بێ بۆنی گیا نەورۆز ناکەم.
نەورۆز ناکەم
بێ بڵێسەی سووری ئاگر.
نەورۆز ناکەم
گەر ڕەشەبەڵەک تۆز نەکات و
بەخۆم نەبمە سەرچۆپیگر

(پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، پەشێو، ل ٤٥٨)

ناوینشانی دەقەکە "نەورۆز" هێما و تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی و کولتووری نەتەوەیی کوردە، هاوکات جەختکردنەوەی شاعیر لەسەر نەورۆز تەنیا مامەڵەیەک نییە وەک جەژن و بۆنەیەک، بەڵکو هەڵکەوتەی دیرۆکی هەزاران ساڵەی کوردە کە بەهۆیەوە لە ناسنامەی نەتەوەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، شاعیر لەکۆپلەی یەکەمدا کاتێک دەڵێت "ئەمساڵ بی چیا نەورۆز ناکەم، بی بۆنی گیا نەورۆز ناکەم“ بەشداری نەکردنی شاعیرە لە کەرنەڤاڵێکی گەورەی نەتەوەیی بەهۆی دووربوونی لە نیشتیمان و ژیانی تاراوگەوە، ئەمەش جۆرێک لە گەڕانەوەی یادەوەری تراژیدی و سەرپێهاتییە تاڵەکان دەگەیەنێت، هەرچەندە ئەم بەشدارینەکردنە یەکجار لە بیۆگرافیای شاعیردا قەوماوە، بەڵام دوای چەندین ساڵ نیشانە دەروونی و ترۆماتیکییەکانی کولتووری بەسەرەوە دەردەکەوێت و گەڕانەوە بە شێوەی فلاشباک خۆی دەخزێنێتە دووتوێی پەیڤ و هەڤۆکەکانی. لەکۆپلەی دواتردا دەڵێت:

کزەی جەرگم،
بەیانی زوو هەڵمسێنە.
زۆر دەترسم:
کەوێک، کارێک،
گوندێک، شارێک،
چەمێک، چیایەک
لەبیر بکەم.
زۆر دەترسم:
دارێک، بەردێک،
گۆشتێک، گەردێک،
پنجەگیایەک
لەبیر بکەم.

(پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، پەشێو، ل ٤٥٩)

لێرەدا ترسی شاعیر لەنێوان دووپاتبوونەوە و گەڕانەوە بۆ شوێنە جیاوازەکانی کوردستان و تەیکردنی گوزەری بەنێو "کۆنیک و تارێک، گوندێک و شارێک، چەمێک و چیاییک، دارێک و بەردێک، گۆشتێک و گەردێک، پنجەگیایەک“دایە، کە نیشانەی درەنگبوون و دواکەوتوویی ترۆمایە، واتە هەرچەندە ترسەکە ئێستا ئامادەگی هەیە، بەڵام سەرەداوی ئازارەکانی بۆ ئەوسای درک نەکردنی بە دەرکەوتەی شۆک و ترۆماکە لەپای بەشداری نەکردنی لە کەرنەڤاڵەکە دەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ترس و بیرکردنەوەی شاعیر هەرەشەیە لەسەر ناسنامەکەی، چونکە ژانی دوورە وڵاتی هێشتا لەلای بەتەواوی دەرنەکەوتووە، بەڵکو دەرهاوێشتەکانی وەک کاروس بانگەشەی بۆ دەکرد پەیتا پەیتا بەشێوەی فلاشباک لە ڕێی ترس و یادەوەری تاڵەوە گەڕاونەتەوە. لە کۆپلەی کۆتایشدا دەڵێت:

بەیانی زوو هەڵمەستێنە!
دیسان مەڵێ،
با تێرخەو بێ ...
سوێندم بە چیا خواردووە،
کە کوردستانە دوورەکم،
بە گەرمێن و کوێستانەوە،
بگوازمەوە بۆ غەریبی- بۆ ژوورەکم.
(پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، پەشێو، ل ٤٦٠)

سوێند خواردنی شاعیر بە چیا و هێنانی کوردستان بۆ ماڵی دووەمی لە تاراوگەدا نیشانەی بەردەوامی و گەڕانەوەی یادەوەری ئەو ئازارەیە کە لێکەوتەکانی ترۆماکە بۆی سازکردووە. لە دەقێکی دیکەدا کە بەهۆی لێکەوتەی شەڕی براکوژییەوە هۆنراوەتەوە، پەشێو دەڵێت:

کە براکوژێک دەبینم، باوەڕکەن، ڕشانەوەم دێ
! تا بەیانی هەدا نادەم،
دایم ئەمدیو ئەودیو دەکەم؛
سەد قۆناغیش دوورکەومەو،
بۆنی لاکی ماکەرێکی تۆپیو دەکەم!
(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، پەشێو، ل٤٥٦)

لە دیدی پەشێو دا، براکوژی لە دیرۆکی کورداندا دیاردەیەکی قێزەون و زەبراوییە، ئەم دیاردەیە دەرهاوێشتەکانی لە کۆنەستی پەشێودا چەسپیوە و نەیتوانیوە لێی دەربازبێت و نەیکات بە بەشێک لە ئەزموونی تراژیدیای کۆمەڵایەتی و کولتووری کورد، بۆیە هەرکاتێکی شاعیر ویستی دەربازبوونی لە ئەزموونی زەبراویی کۆمەڵگە دا هەبوبێت، ئەوا براکوژێک دەبینێت، بینین ڕاستەوڕاست گرێدراوە بە ڕابردوو و گەڕانەوەیەکی نەویستراو و سەپێنەرە، کە بۆ هەڵکەوتەی دیرۆکی لێوانلێو لە ئازاری ترۆماتیکی نەتەوە دەگەڕێتەوە. لە گۆشەیەکی دیکەوە هەرچەند ڕووداوەکانی براکوژی بۆ یەکەمجار وەک ڕووداو قەوماوە و لەبەستێنی ئەم ڕووداوەشدا وەک کاروس بانگەشەی بۆ دەکرد شاعیر ویستی گەڕانەوەی ئەو یادەوەرییانەی نەبووە، بەڵام سروشتی ڕووداوەکە ترۆماتیکییە و لەهەمانکاتدا ترۆماکە هەرچەند یەکجار قەوماوە، بەڵام لێکەوتەی ترۆماتیکی لەلای شاعیر بەرهەمهێناوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە دیاردەی ترۆمای براکوژی نەک تەنیا بویەرێکی دیرۆکییە، بەڵکو بەردەوام لەگەڵ ژیانی شاعیردا ژیاوە. لە دێڕی دواتر دا شاعیر دەڵێت "تا بەیانی هەدا نادەم، دایم ئەمدیو ئەودیو دەکەم." ئەمە لە دیدی کاروس وێناکردنی دۆخی تەنگەتاویی ترۆمایە کاتێک فلاشباک دەیگەڕێنێتەوە. بۆیە دەبینین شاعیر نەیتوانیوە دۆخەکە تێپەڕێنێت، بۆ نموونە "تا بەیانی" خەو نایکات، "دایم ئەمدیو ئەودیو" دەکات،" نیشانەی ناجێگیری و نا ئارامییە. هەروەها لە کۆتا دێڕدا شاعیر دەڵێت "سەد قۆناغیش دوورکەومەوە بۆنی لاکی ماکەرێکی تۆپیو دەکەم." بەدیدی کاروسی ئەم دێرە کاکڵە و بەهێزی دەقەکەی خستووەتەڕوو، چونکە پێمان دەڵێت ترۆما تەنیا لە بینیندا نییە، بەڵکو لە هەستەکانیشدا بەهۆی لێکەوتەی ترۆماتیک ئەگەری گەڕانەوەی بەهێزی هەیە، کەواتە لێکەوتەکانی ترۆمای کولتووری لە ڕێی هەستەکانیشەوە دەتوانێت دووبارە بگەڕێتەوە وەک لە کۆتا دێڕدا دەڵێت: "سەد قۆناغ دوور"بوون".

### ٣.٢- ڕەنگدانەوەی خەون و بانگکردن لە شیعرەکانی پەشێودا:

بانگکردن و وەڵامدانەوە لە شیعری پەشێودا؛ لە ڕێی مەزراندنی دەرهاوێشتەکانی ناسنامەوە ترۆمای کولتوورییەوە بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە

لە شیعری "بۆ ئینتەرناسیونالیستێک" دا دەڵێت:

سەرکۆنەم مەکە!
منیش، وەکوو تۆ، گۆی زەوی ماڵمە،
ئاسمانی تافتەی کچی خەیاڵمە
وەک تۆ خوارکردم،
وەک تۆش دەمەوێ تاسەر خوارکردبم.
بۆیە سەربەندی شیعرم هەر کوردە،
چونکە کوردم و ناهێڵن کورد بم!
(هەسپم هەورە و رکێفم چیا، پەشێو، ل١٣٤)

ناونیشانی دەقەکە بانگەشەی نیشانەکانی بانگکردن دەکات، بەتایبەت کاتێک شاعیر شیعرەکەی ئاراستەی "ئینتەرناسیونالیستێک" کردووە، ئاشکرایە کەسێک هەڵگری ئیدیۆلۆژیای ناسیۆنالسیتی جیهانی بێت لە پاڵپشتی کردنی نەتەوە بندەست و پەراوێزخراو و چەوسێنەرەکان بەرگری دەکات، بەڵام ئەوەی جێی گومانە نادیدەگرتنی ناسنامەی کوردییە لەکاتێک دا بەدەر لەوەی تەنگەژەیەکی دەروونی شاعیر بێت، وەک کاروس ئاماژەی پێدا بانگێکی ئەخلاقی ڕاستەوخۆیە بۆ گوێی جیهان. دواتر لە دەستپێکی شیعرەکەدا شاعیر دەڵێت" سەرکۆنەم مەکە" لێرەدا وێڕای ئەوەی جۆرێک لە هەست و بیرکرنەوەیە، بەڵام قووڵتر بانگەشەی دواکاری بانگێکی ئەخلاقی ڕاستەوخۆیە کە شاعیر کردەی گۆڕینی ڕەفتاری بەرانبەر و داوای ناسینەوەی ناسنامەی ڕاستەقینە و بەجێگەیاندنی ئەرکی ئەخلاقی لایەنی بەرانبەر لەو تەنگەژانە دەکات کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەکەی بووەتەوە. دواتر شاعیر کە دەڵێت "منیش، وەکوو تۆ، گۆی زەوی ماڵمە، ئاسمانی تافتەی کچی خەیاڵمە " وەک گرنگترین بەشی بانگکردنی ئەخلاقی دادەنرێت، چونکە شاعیر هەوڵی بنیاتنانی ئەرکی ئەخلاقی لەسەر بنەمای هاوبەشیی مرۆڤایەتی داناوە، دەڵێت من و تۆ جیاوازی بنەڕەتیمان نییە، هەردووکمان ماڵمان لەسەر ئەم زەوییە، هەردووکمان هەمان خەیاڵمان هەیە، بۆیە ئەرکی ئەخلاقیت لە ئەستۆیە، کە وەڵامم بدەیتەوە.

لە دێڕی دواتر دەڵێت "وەک تۆ خواکردم، وەک تۆش دەمەوێ تاسەر خواکردبم" ئەمە ئالنگاری و وەستانەوە و بەدەنگهاتن و بیرهێنانەوەیە لەسەر وەرگرتنی ماف و یەکسانییەکان بۆ هەموو لایەک، هاوکات دووپاتکردنەوەی ئەرک و بانگی ئەخلاقییە، واتە لەبەرئەوەی ئێوە ئەزموونی دەستخستنی ئازادی و ماف و یەکسانیتان هەیە، هەڵبەت ئەم ئەزموونەش بە تونێلی دەیان نسکۆ و ترۆما دا تێپەڕیوە، بۆیە بانگی شاعیر لێرەدا ئاشکرایە و دەخوازێت بێژێت کە ئێوە ئەرکی ئەخلاقیتان لە ئەستۆیە تاکو ئێمە لە ژێر ڕکێفی ناسنامە دروستکراو و خۆسەپێنەکاندا دەرباز بین.

لە دەقێکی دیکەدا پەشێو ڕووداوی براکوژی مەزراندووە و لە ڕێی خەون و بانگکردنی ئەخلاقییەوە بەشێک لە دەقەکانی هۆنیوەتەوە، بۆ نموونە دەڵێت:

دوو تەرم کەوتوون، تەرمی دوو برا.
دوو خەونی وەک یەک، دوو ڕەنگی جیا.
دوو تەرم کەوتوون، تەرمی دوو برا.
(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، پەشێو، ل ٤٥٩)

دیاردەی بانگکردنی "کاروس"ی لە دەربڕینی دەستەواژەی "دوو تەرم کەوتوون"دا بانگێکی بەهێزە و دوو ڕەهەندییە، لە لایەک هەم ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەیە لەو شۆک و ترۆما درێژخایەنەی کە نەوە دوای نەوە لێکەوتەکانی بەسەر زارۆکانی ئایندە جێدەهێڵێت؛ لەلایەکی دیکەوەش دەربازبوونی ئەم دەستەواژەیە لە دەستپێک و ناوەڕاستی شیعرەکەدا

خۆی نیشانەی ئەو پاتبوونەوەیە دەردەخات کە کاروس بانگەشەی بۆ دەکرد، بەوەی ترۆما دووبارە دەبێتەوە و بانگەکە بەردەوام دەگەڕێتەوە.

### ٤.٢ گێڕانەوە و هاوبەشیکردنی ئازار:

گێڕانەوەی چیرۆکە تراژیدییەکان و هاوبەشکردنی لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و کۆمەڵگە، هۆیەکی گرنگی ساناکردنی ئەو ترۆمایەیە کە دروست بووە. قەیرانی ناسنامەش وەک هۆیەکی بەرهەمهێنانی ترۆمای کولتووری باندۆر لەسەر شاعیر جێدەهێڵێت و ناچاری دەکات دەرهاوێشتەی چیرۆکە تراژیدی و ترۆماتیکییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگە هاوبەش بکات. بۆ نموونە لە دەقی" بیری هەورگر"دا دەڵێت:

که هەواری نامۆییم... پێ دەنێتە هەر شارێ،
ڕاوی هەوری مسینی ژانەکانی خۆم دەنێم،
بۆ ئەوەی بەرزەفتی کەم،
بیگوشم تا دەبارێ!

(پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، پەشێو، ل ٤٣١)

لەم کۆپلەیەدا نامۆیی تەنگی بە شاعیر هەڵچنیوە وەک گرێی دەروونی لە هزریدا پەیکە دەخوات، وێرای ئەوەی ویستی هاوبەشیکردنی ئازارەکەی بەرزەفت نابێت، بەڵام هەوڵی شاعیر بۆ هاوبەشیکردن و گێڕانەوەی ئازاری دەرهاوێشتەکانی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونیPTSD یە، لە هەوڵەکاندا ویستی گێڕانەوەی ئازارەکان و ئاشناکردنە بە خەڵکی شارەکان، بەڵام بە هیچ کلۆجێک ئەو هاوبەشی کردنە لە هیچ شارێک ئۆقرەی پێنەداوە، چونکە گەڕۆکی و چوونی بۆ هەر شارێک و هەوڵدان بۆ هاورێگە و گوێگری ساخلەم دوو ئەنجامی بەدەستەوە داوە، یەکەم: کاتێک ئازارەکە وەک "هەوری مسین" وەسف دەکات" ئەمە پراکتیزەی ڕێڕەوی بە سانایی کردنی گێڕانەوەی ترۆمایە وەک کاروس بانگەشەی بۆ دەکرد و پێی وابوو گێڕانەوەی ترۆما هەردەم لەگەڵ کردەی بە سانایی کردنی ئەزموونەکانەوە دەکەونە سەر ڕێ و ڕێزانی گێڕانەوە. لە کۆپلەی دواتردا دەڵێت:

حەز دەکەم، زۆر حەز دەکەم
قژی کچانی وارشۆ
بە هەڵبەستێک نەمر کەم؛
بۆ کیژانی پۆتسدام
جێی ژوان نێزیکتر کەم؛
(دیتسکیی میر)ی مۆسکۆ
پڕ گەزۆی سلێمانی،
(ئەلێکساندەر پلاچ)یش
پڕ کێشوولە و کۆتر کەم!

(پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، پەشێو، ل ٤٣٢)

لێردا هاوبەشی کردنی ئازار قووڵتر دەبێتەوە و پشت بە ئەدەبیات و هونەر و دیدگای دیکەوە دەبەستێت. ئەم شێوازی هاوبەشیکردنە، بەدیدی کاروس، نەخشێنراوە، چونکە کاروس باوەڕی وابوو کاتێک ئێمە هەوڵ دەدەین لە شتەکان تێبگەین، پەنا بۆ چوارچێوەی ئەو شتانەی پێشووتر دەبەین کە ئەزموونمان کردووە و دەیانزانین، بۆیە لیکەوتەی نامۆیی و ئازاری قەیرانی ناسنامە و تراژیدیای ترۆماتیکی لە لای شاعیر خراوەتە ناو چوارچێوەیەکی ئاشناوە. لە کۆپلەی دواتردا دەڵێت:

هەوری ژان بە ئاسمانا،
وەک کەشتی بە دەریادا،
ڕووی کردۆتە مەفتەن و
گوێ بە کەوشەنان نادا.

(پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، پەشێو، ل ٤٣٢)

لێرەدا باڵکێشترین پارادۆکس لەنێوان "هەوری ژان ڕووی کردۆتە مەفتەن و گوێ بە کەوشەنان نادات" خراوەتەڕوو، کە بەتەواوی گوزارشتە لەو دۆخە ئاڵۆزانەی کە کاروس بانگەشەی بۆ دەکرد، بەتایبەت ترۆما پێویستی بە گێڕانەوە و هاوبەشیکردن هەیە، بەڵام لە" هەوری ژان" وەک خودی ترۆما گوێ لە کەسی دیکە ناگرێت و ناتوانرێت بە سانایی گیانی بەبەردا بکرێت بە وردی بگێڕدرێتەوە. ئەمەش هاوتەریبی ڕوانینی کاروسە لەبارەی فیلمی "هیرۆشیما مۆن ئامۆر"دا، کە پیاوە ژاپۆنییەکە دەڵێت "تۆ هیچت لە هیرۆشیمادا نەبینیوە"، واتە ئەزموونەکە هێندە قووڵ و قورسە کە بە سانایی ناخرێتە ناو چوارچێوەی تێگەیشتن و گێڕانەوەی کەسانی دیکە. لە کۆپلەی کۆتایشدا:

بانگم دەکا: "وەرەوە!
لێرانە، لەو کێوانەی
پوورەی مێش و مەگەزی
مێژووویان لێ نیشتووە،
تۆ بیری هەورگر و
سیمای خۆت جێ هێشتووە"

(پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، پەشێو، ل ٤٣٣)

بانگکردنی شاعیر بەوەی "وەرەوە"، لێرانە، تۆ بیری هەورگر و سیمای خۆت جێ هێشتووە...هتد" ئەو بانگکردنە بۆ گەڕانەوە و دۆزینەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەیە کە لە نێو جوگرافیا جیاوازەکانەوە ونبووە یاخود لەبەین چووە، بەم چەشنە دەقی "بیری هەورگر" خۆی دەبێتە نموونەی بەرزی ئەم پارادۆکسە، شاعیریش هەوڵی داوە گێڕانەوەی ئازاری تاراوگە و پاتبوونەوە هەڵقۆزێتەوە بۆ پێداگری لە ناسنامەی نەتەوەیی، ئەمە سەرەڕای گێڕانەوە ناتەواوەکان کە هەرگیز ناتوانن بە تەواوی بەردەوامی بەخۆیان بدەن.

### ٥.٢- شکستی زمان و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی پەشێودا:

زمان ئامرازی هەرە سەرەکییە بۆ گوزارشت کردن لە بارودۆخە جیاوازەکانی مرۆڤ، ترۆما و لێکەوتەکانیش بە یەکێک لە ئاستەنگە دەروونییەکانی شاعیر دادەنرێت. ئەم ئاستەنگە ڕێگر دەبێت لەوەی شاعیر بە سانایی بتوانێت سوود لە زمان و تواناکانی وەربگرێت بۆ ئەوەی گوزارشت لە ئەزموونی ترۆماتیکی خۆی بکات بۆ نموونە لە دەقی " ئاوێتەبوون" دا دەڵێت:

نازانم چۆن ئاوێتەت بم؟!
ئەگەر بەهەشتی، پێم بڵێ،
تا کڕنووش بەم بۆ گشت خواکان.
ئەگەر دۆزەخی، پێم بڵێ،
تا زەمین پڕکەم لە تاوان.

(پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، پەشێو، ل ٤٦١)

لێردا ئازار دەوری شاعیری داوە، نەیتوانیوە لێی دەربازبێت، ئەم قەتیسبوون و بێتواناییە لە گێڕانەوەی تەواوی تراژیدیاکەدا، کاریگەری لەسەر خودی زمان هەبووە و بەرەو شکان و بێتوانایی بردووە، بەتایبەت وشەی "نازانم" تەنیا نیشانەی پاتبوونەوەیەکی هونەری و ئەدەبی نییە، بەڵکو ئاماژەی سەرگەردانی و کورتییە لە زمان و گرێیە لە ڕێڕەوی ویستگەی گێڕانەوەی ئازارەکان، لەم گۆشەنیگایەدا کاروس پێی وابوو ئازارەکە هێندە مەزن و قووڵە لە سنوور و ئەندازەی تێگەیشتن و دەربڕینی ئاسایی تێپەڕیوە، بۆیە زمان لەبەردەمیدا ئاسۆی ڕوونی بۆ ساز نابێت. بەم چەشنە شاعیر دەخوازێت ناسنامەی خۆی بناسێت و خۆی پێناسی بۆ بکات، بەڵام زمان ناتوانێت کۆمەکی باشی بکات و ناچار بە فۆرمی شکستەوە گوزارشتی لە ئازارەکە کردووە و تەنیا توانیویەتی بڵێت "نازانم." لە لایەکی

دیکەوە شاعیر هـەوڵ دەدات لە ڕێی پرسیار و مەرج ناسنامەکەی خۆی بگەیەنێت و دەڵێت "ئەگەر بەهەشتی، پێم بڵێ، تا کرنووش بـەم بۆ گشت خواکان، ئەگەر دۆزەخی، پێم بڵێ، تا زەمین پڕکەم لە تـاوان"، لێرەدا ڕووبەڕووی نادڵنیایی ناسنامە بووەتەوە، چونکە نازانێت بەهەشتە یان دۆزەخ، ئەم دوو ئەنجامە ئاستەنگین بۆ شاعیر لە ناسینەوەیدا، بۆیە نازانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکات. دواتر لە بەردەوامی دەقەکەدا دەڵێت:

نازانم چۆن ئاوێتەت بم؟!
گەر خاکەکی داگیرکراوی، پێم بڵێ،
تا پێستم بکەم بە ئاڵات.
گەر وەک منیش قەرەجێکی،
سنوورێکم بۆ بکێشە،
بۆ خۆت من بکە بە وڵات!

(پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، پەشێو، ل ٤٦٢)

بەردەوامیی شکان و شکستی زمـان؛ قەیرانی شوناسی شاعیری قووڵتر کردووەتەوە، بەتایبەت کە گومانی بۆ دروست دەبێت و نازانێت داگیرکراوە یان قەرەجە، پێناسکردنی خۆی لەژێر چەتری ئەو دوو ئاراستەیەدا نیشانەی نوێنەرایەتی کردنی دەرکەوتەی ترۆمای کولتوورییە، بۆ نموونە داگیرکراو بەواتای هەبوونی ناسنامە دێت، بەڵام ئەو ناسنامەیە لەژێر زەبر و گوشاردایە، کەچی بۆ قەرەجێک دۆخەکە ترسانکترە، چونکە لـەم بـارودۆخـەدا ناسنامە لەلایەن کەسانی دیکەوە بۆت دیاری دەکرێت؛ نەک هەڵبژاردەی خۆت بێت. بەم چەشنە شکستی زمانی کولتووری قووڵتر دەبێتەوە بەوەی شاعیر نەیتوانیوە لە هیچیانیدا خۆی ببینێتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەم شکستی زمانە تەنیا تایبەت نییە بە تاکێک و خودی شاعیر، بەڵکو پێشەنگ و نوێنەرایەتی ترۆمای کولتووری تـەواوی کۆمەڵگەی کوردی

بووە، بەتایبەت دیرۆکی هۆنینەوەی شیعرەکە بۆ ساڵی "١٩٧٩" دەگەڕێتەوە ئەوسا شاعیر لە مۆسکۆ بووە و کوردستانیش لە ژێر چەپۆکی داگیرکاریدا دەیناڵاند و مەترسی گەورە لەسەر ناسنامە هەبوو، لەم نێوەندەشدا "نازانم"ی شاعیر تەنیا دەنگی تاک نییە، بەڵکو دەنگی کولتووری زیان پێگەیشتووە، کە دوای دەرکەوتەکانی یادەوەری و ئازار و خەم و ناسۆرییەکانەوە توانای بەرگری لە زمان و توانستی پێناسەکردنەوەی خۆشی نەماوە. لە دەقێکی دیکەدا دەڵێت:

لەم نیشتیمانە چارەڕەشەدا
چیتان هێشتووە
دابەشی نەکەن وەک ڕەزی خۆتان؟
هەربە شەهیدان سەرمان بڵند بوو،
ئەوانیشتان کرد بە ڕەزی خۆتان!

(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، پەشێو، ل ٤٤٢)

لەم دەقەدا بنیاتی زمان و گێڕانەوەی چیرۆکی تراژیدیـایی بـراکـوژی و ڕووپـەڵـەکـانـی دیـرۆک ڕووبـەڕووی پارچەپارچەبوون بوونەتەوە و بە سروشتی خۆیان مەخزا و ڕێچکەی دیرۆکی و جوگرافی و کولتووری خۆیان وەرنەگرتووە، چونکە شاعیر جگە لەوەی یادەوەری و ئازارەکانی شەڕی براکوژی مەزراندووە، لەهەمانکاتدا گەواهی لەسەر پاشخانی دیرۆکی ئێمە دەدات بەوەی کە تووشی نسکۆی دەروونـی و پڕکردنی کۆنەستی تاک بە بیری بەرەنگاربوونەوە و شەڕینگێزی ناوخۆیی لایەنە کوردستانییەکان بووە. لە کۆپلەیەکی دیکەدا دەڵێت:

ناوێرم قەڵەمێک هەڵگرم.
ناوێرم کراسێک لەبەر کەم.

(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، پەشێو، ل ٤٤٢)

لەم دوو دێرە دا شکستی ئامرازی گێڕانەوە بە

ڕوونی بەدیار کەتووە، چونکە سیفەتی قەڵەم بۆ نووسینە، نووسینیش نوێنەر و وێنەی زمانی ئاخاوتنە، کەواتە ئەگەر شاعیر نەتوانێت قەڵەم هەڵبگرێت، ئەوا زمانی گێڕانەوەی ئەزموونی ترۆماتیکی شکست دەهێنێت، وەک بانگەشەی کاروس وایە کە پێی وایە گەلێک جار ئەدەبیاتی ترۆماتیک خۆی نیشانەی شکستەکانە. دواتر لە بەردەوامی دەقەکەدا دەڵێت:

ڕووتان ڕەش بێ،
خۆ ڕەنگەکانیشتان بەش کرد!
بڵێم "خوێندکار" یان "قوتابی"؟
"ژن" یان "ئافرەت"؟
ڕووتان ڕەش بێ،
تا وشەی ناو فەرهەنگەکانیشتان بەش کرد!

(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، پەشێو، ل ٤٤٢)

لێرەدا وێنەی خودی برینداربوونی زمانی ترۆماتیک دەکێشێت و ئاستی لەتکردنی زمانیش پیشان دەدات و ڕەخنە و تێچینی خۆی بە زمانێکی توند بەیان دەکات و دەڵێت: "بڵێم خوێندکار یان قوتابی؟ ژن یان ئافرەت؟. ئەم زەقکردنەوەیە لەسەر بنەمای لێکەوتەکانی شەڕی براکوژی هاتووە، تەنانەت وای کردووە پەیڤەکانیش دابەشی سەر دوو قوتابخانەی سیاسی دوو لایەنی دیاریکراوی کوردستان بن، ئەم دابەشکارییە پاڵپشتە لەگەڵ دیدی کاروس لەبارەی دابەشبوون و قەتیسبوونی زمانەوە، ئەو پێی وایە زمان کاتێک لەژێر کاریگەری ترۆما دایە، ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و سادە گوزارشت لەبارەی شتەکانی جیهانەوە بکات، لێرەش زمان دوو ڕەهەندی بووە، یەکەم لەدەستدانی ئەرکی سەرەکی زمان و دووەمیش شکستی زمانە لە ئاستی ترۆمای کولتووریدا. لە نەخشەکێشانی ئەو لێکەوتەی شۆک و ترۆمای براکوژیدا شاعیر قووڵتر دەبێتەوە و فیگەر و کەسایەتییە هونەری و ئەدەبییەکان دەخاتە ناو پرسەکە و خاک و ئاو و ئەردنیگاری لەتکراو وەک چەقی لێکەوتەکان پیشان دەدات و دەڵێت:

دوو کەناری زێی جاویدانی-
خانی و حاجی قادرتان بەش کرد.
خاک و ئاو و ئاگرتان بەش کرد.
کوا چیتان هێشت؟
کوا کێتان هێشت؟

(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، پەشێو، ل ٤٤٣)

خانی و حاجی وەک دوو شاعیری کلاسیکی کورد بوونەتە چەقی ململانێ سیاسی و فەرهەنگی و جوگرافی و ناوچەییەکان، تەنانەت ئەم ڕەخنە سیاسی و فەرهەنگی و ناوچەییەی پەشێو ئاڕاستەی پارت و لایەنی سیاسی کوردی کردووە، ئەوپەڕی نواندنی شکستی زمانییە لەبەردەم هەڕەشە و ئالنگارییەکان، ئەم بێهیزییە لە پرسیارکردنی " کوا چیتان هێشت؟ کوا کێتان هێشت؟" دا دەگاتە لوتکە. لەبەردەوامی دەقەکەدا دەڵێت:

بگرە...
قەحبە و دز و ڕێگرتان بەش کرد.
وەک زرتەکی گاکوژبەدەست،
نیشتمانێکتان کرد بە دوو.
شار بە شار، گوند بە گوند گەڕان،
لە هەر ماڵێک
ئاگردانێکتان کرد بە دوو!

(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، پەشێو، ل ٤٤٣)

پرسی دابەشکاری شتەکان و شکستی زمانیش هاوتەریب بەیەکەوە هەنگاو دەنێت، بۆ نموونە لەم کۆپلەیەدا هەوڵی داوە وێنەیەک بکێشێت بۆ گەیاندنی ئازارەکان کە زمانی ئاشنا ناتوانێت بە سانایی بیگەیەنێت، کاتێک دەڵێت: "وەک زرتەکی گاکوژبەدەست، نیشتمانێکتان کرد بە دوو". ئەمە

خۆی نیشانەی شکستی زمانە، لەبەر ئەوەی وشەی ڕاستەوخۆ بەس نییە بۆ گەیاندنی قووڵایی ئەو ئازارەی شەڕی براکوژی ئەفراندوویەتی، بۆیە شاعیر ناچاردەبێت پەنا بباتە بەر سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی وێنە و خوازە و میتافۆرەکان، ئەم پەنا بردنە پێوەندی بە ئەزموونەکانی هۆشیارییەوە هەیە کە ترۆما دەیانشکێنێت، لێردا زمانی ئاشنا شکستی خواردووە، بەڵام وێنەسازیش نەیتوانیوە بە تەواوی ئازارەکە بکێشێت. لە کۆپلەی کۆتایی دەقەکەشدا دەڵێت:

خەڵک مێژوویەکی هەیە،
ئێمە دوو مێژوومان هەیە.
هەموو دنیا
یەک سەرکردەی لێ بەڵایە،
ئێمە لەویش دوومان هەیە!

(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، پەشێو، ل ٤٤٤)

لە ئاستی گێڕانەوەی چیرۆکی تراژیدی نەتەوەدا، هەم دیرۆک وەک خۆی بەسەر دوو بەرە دابەش بووە و زمانی دیرۆکیش بە فۆرمی لەتبوونەوە هەوڵی گێڕانەوەی ئازارەکانی داوە، ئەمە لەکاتێکدا زمانی دیرۆک بە گشتی و خاوەن یەک چیرۆکی هاوبەشە کەچی لێکەوتەکانی ناسنامە و دەرکەوتەکانی ترۆمای کولتووری زمانی بریندار کردووە و شاعیر ناچار بووە بەم زمانە گەواهی لەسەر بدات. لێرەشدا بەهێزترین پێوەندی لەگەڵ تیۆری کاروس دروست دەبێت، کاتێک دەڵێت: "هەربرینێک لە زمان هاوشێوەی برینێکە لە مێشک".

## ئەنجام:

پرسی "قەیرانی ناسنامە و شەڕی براکوژی" دوو هۆکاری بەرهەمهێنانی ترۆمای کولتوورین و باندۆرییان لەسەر شیعرەکانی پەشێو جێهێشتووە، ئەم باندۆرە لە دوو ئاست ڕەنگدانیداوەتەوە: لە ئاستی دەرەکیدا، لە دەقی "کێ کریارە" شاعیر کەرەستە و ئامرازە کولتووری و سیاسی و دیرۆکی ناسنامەی کولتووری کوردیی داگیرکراوی بەکارهێناوە کە بەهۆیەوە تاڵانفرۆشی دەکات. لە ئاستی ناوەکییەوە، لە دەقی "لە پەراسووی شەهیدان"دا شەهیدی وەک هێما و ئارمانجێکی سیاسی دەرخستووە، کە ترۆمای کولتووریی لە ئاستی تاکەکەسییەوە بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی بردووە. هەروەها لە دەقی "نەورۆزی ١٩٧٩" و "کە براکوژێک دەبینم"دا دەرکەوتەکانی ترۆمای کولتووری لە شێوەی فلاشباک و گەڕانەوە لە دەقەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، هاوکات لە پرسی بانگی ئاکارییشەوە لە ڕێی دەقەکانی "بۆ ئینتەرناسیونالیستێک" و "دوو تەرم کەوتوون"دا ترۆمای کولتووری بە بانگی ئاکاری و ئاسۆی بەرسڤدانەوەی جیهان خۆی دەرخستووە، هەروەها لە دەقی "بیری هەورگر"دا شاعیر هەوڵی هاوبەشیکردنی ئازارەکانی لەگەڵ خەڵکی تاراوگە داوە، بەڵام خودی پرۆسەی گێڕانەوە بەهۆی ترۆمای کولتوورییەوە شکستی هێناوە. جگە لەمانە تەنگاسی و بەرتەنگکردنی بەردەم زمان، شکانی زمانی بەدیارخستووە، وەک لە دەقەکانی "ئاویتەبوون" و "لەم نیشتیمانە چارەڕەشەدا"دا زمانی ترۆماتیکی دەق دوولەت و تێکشکاوە، شاعیری ناچارکردووە نەتوانێت ناسنامەی ڕەسەنی خۆی و کۆمەڵگەکەی پێناسەبکات.

## لیستی سەرچاوەکان:


### بە کوردی:

– پەشێو، عەبدوڵڵا، ٢٠١٤، پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– پەشێو، عەبدوڵڵا، ٢٠١٤، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

### بە فارسی:

– ودیمی، نصرالله. ١٣٩٦. ”واسازی روایات تروما در ادبیات افسردگی ایران“. دانشکده علوم انسانی و اجتماعی، دانشگاه کردستان، سنه.

### بە ئینگلیزی:

-Alexander, J.C. 2004. Cultural Trauma and Collective Identity. Berkeley: University of California Press.

-Alexander, J.C. 2004. 'Toward a Theory of Cultural Trauma', in Alexander, J.C. et al. (eds.) Cultural Trauma and Collective Identity. Berkeley: University of California Press, pp. 1-30.

-Balaev, M. 2012. The Nature of Trauma in American Novels. Evanston: Northwestern University Press.

-Buelens, G., Durrant, S. and Eaglestone, R. 2014. 'Introduction: The Future of Trauma', in Buelens, G., Durrant, S. and Eaglestone, R. (eds.) the Future of Trauma Theory: Contemporary Literary and Cultural Criticism. London: Routledge, pp. 1-8.

-Caruth, C. 1996. Unclaimed Experience: Trauma, Narrative, and History. Baltimore: Johns Hopkins University Press.

-Davis, C. And Meretoja, H. 2020. The Routledge Companion to Literature and Trauma. New York: Routledge.

-Kaplan, E.A. 2005. Trauma Culture: The Politics of Terror and Loss in Media and Literature. New Brunswick: Rutgers University Press.

-LaCapra, D. 2001. Writing History, Writing Trauma. Baltimore: Johns Hopkins University Press.

-Luckhurst, R. 2008. The Trauma Question. London and New York: Routledge.

-Monir, Z.A.E. 2019. 'Development of the Term Trauma from a Psychoanalytical Perspective', Majallat Kulliyyat Al-Adab Jami'at Al-Fayyum.

-Pedersen, C. 2019. 'Encountering Trauma Too Soon and Too Late', in Schaub, D. et al. (eds.) Topography of Trauma. Leiden: Brill, pp. 25-44.

-Pedović, I. And Hedrih, V. 2019. 'Social Trauma and Emotional Attachment', Facta Universitatis Series Philosophy Sociology Psychology and History.

-Stamm, B.H. 2003. 'Considering a Theory of Cultural Trauma and Loss', Journal of Loss and Trauma.

-Whitehead, A. 2004. Trauma Fiction. Edinburgh: Edinburgh University Press.

## الملخص

تعد الصدمة الثقافية من أبرز أشكال الصدمة النفسية وأكثرها حضورا، إذ تمتد آثارها لتطال طيفا واسعا من القضايا المجتمعية وميادينها المتعددة. وفي هذا السياق لم يكن الأدب بوجه عام، والشعر بوجه خاص، بمنأى عن هذه التأثيرات. فقد انعكست كل من أزمة الهوية والحرب الأهلية بوصفهما عاملين محوريين في تشكل هذه الصدمة على مسار التجربة التاريخية للأمة الكردية، وتركتا بصماتهما الواضحة في وعي الأفراد، كما تجلتا في تجربة الشاعر عبدالله پەشێو بوصفه شاهدا فاعلا وصوتا معبرا عن وجدان المجتمع. وتسعى هذه الدراسة إلى تقصي تجليات أزمة الهوية والحرب الأهلية في نصوص پەشێو الشعرية، مستعينة بالنظرية النقدية للصدمة، ومستندة إلى طروحات كاثي كاروث بوصفها منظرة بارزة في حقل دراسات الصدمة. وقد كشفت القراءة التحليلية لهذه القصائد عن حضور ظواهر أسلوبية لافتة، من أبرزها: التوجه نحو الصدمة الجماعية، والاسترجاع "الفلاشباك"، واستحضار الماضي تخيليا، والحلم والمطالبة الأخلاقية، وإعادة رواية الحكايات المؤلمة ومشاركتها، فضلا عن ظاهرة انهيار اللغة. وتكشف هذه المظاهر بجلاء أن قصائد پەشێو تمثل ثمرة مباشرة للصدمة الثقافية التي عاشها الشعب الكردي، وأن الشاعر نجح في أن يغدو صوتا صادقا وترجمانا حقيقيا لجراح الأمة النفسية والوجدانية.

الكلمات المفتاحية: الصدمة الثقافية، الاستعادة، المطالبة الأخلاقية، المشاركة في الألم، انهيار اللغة.

## Abstract

Cultural trauma is one of the most prominent forms of trauma, influencing the majority of societal issues and diverse fields of life. Within this context, literature in general, and poetry in particular, has not been immune to this impact. The identity crisis and fratricidal war ”internal conflict“ in the historical trajectory of the Kurdish nation are two primary factors in the creation of trauma. These elements are reflected both at the level of individual members of society and within the work of ”Pashew“, acting as a witness and a representative voice of the community. This research attempts to investigate the consequences of the identity crisis and fratricidal war within Pashew's texts, relying on Trauma Theory and the perspectives of ”Cathy Caruth“ as a leading theorist in the field of Traumatology. In the poems understudy, phenomena such as "social trauma orientation, recurrence and flashbacks, dreams and ethical calling, narration and the sharing of tragic stories, and the failure of language" are vividly observed. This clarifies that ”Pashew’s poems“ are a direct product of the Kurdish nation’s cultural trauma, and that the poet has successfully become the voice and representative of the psychological pains of his nation and society.

Keywords: Cultural Trauma, Recurrence, Ethical Calling, Sharing of Pain, Failure of Language